# شیعرە کوردییەکانی نەمر سەیفولقوزاتی قازی
(١٨٧٦-١٩٤٥)



ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان

بە کەڵک وەرگرتن لە دیوانی سەیف ئامادە کردنی کاک حەسەنی قازی و کاک ئەنوەری سوڵتانی، چاپی بنکەی ژین لە سلێمانی

خاکەلێوەی ٢٠١٩ی زایینی

# پێرست:


ئەگەر دەپرسی باسی ئەو ناوە ................................ ٤
بۆ تۆیە هەر بە تۆیە دەتوانم بکەم سەنا ............................ ٧
کەسێ بەختی سەعیدی بێ دەبێ حازر لە دیوانت ...................... ١٠
قاسید کە لە دەر هات و بە تەبلیغی وەفا کرد ........................ ١٢
دڵی وێران لە هیجران بۆوە مەعموور ................................ ١٣
هەتا عەیش و تەرەب بێ ڕۆژی نەورۆز ............................ ١٦
زۆر تووڵی کێشا عەزیز هیجرانت ................................ ١٧
زیارەتم کرد کاغەزی کوردی ........................................ ١٩
چ خۆشە من نەخۆش و یاری دڵکەش ................................ ٢٠
عەزیز ئارەزووت زۆری بۆ هێنام ...................................... ٢١
عەزیز بەینێکە لێم بێ خەبەری ........................................ ٢٧
عەزیز ناردبووی بۆم سەرکڵاوە ........................................ ٢٨
ئەو زوڵمە لەسەر چی کە دەکەی لێمە بە ناحەق ...................... ٢٩
دەبا ساتێکی ساکین بێ لە ناڵین قەلبی خوونخوارم ...................... ٣٠
من لە گوڵزاری ئەزەل گیراوی داوی زولفی تۆم ...................... ٣١
"وەتەن" بۆ شاگردانی مەکتەب یا نەوجەوان ........................ ٣٢
نامەی گرامیت حەزرەتی نامی ........................................ ٣٣
کوردینە تاکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو ........................ ٣٤
ڕووناکیی چاوم ئەحمەدی سەیفی ...................................... ٣٦
کوردان کە جاران لە ئێران شا بوون .................................. ٣٨
غەمگینە دڵی مات و بە چاوت نییە هۆشی ............................ ٣٩
قەدی یار سەروی جۆبار و ئەتۆ ئەی زولف لاولاوی ................ ٤٠

یادم بۆ ناکەی یادت بەخێر بێ.........................................٤١
خەیاڵی هیجری ئێلخانی کە دەکرێ ...................................٤٤
دایم دڵم بە ناڵە و زاری و فیغان ئەڵێ ................................٤٥
لە عالەم فاش و مەشهوورە کە من مەستی مەیی عیشقم..............٤٦
ئەوڕۆ حەسەن پەیامی دۆعا و سڵاوییە.................................٤٧
عەنبەری زولفت بەدەم سەبا دە .........................................٥١
کوردینە ئەوڕۆ ڕۆژی گەپ و کەیف و شادییە.........................٥٢
یار کە دێتە سەر گۆل و ئەستێرە........................................٥٤

## ئەگەر دەپرسی باسی ئەو ناوە

ئەگەر دەپرسی باسی ئەو ناوە
حوکمی ئازادی ئیعلان کراوە
حوکمی دەولەتە ڕوو قەت نەگیرێ
پێچ بپێچنەوە، حیجاب هەڵگیرێ
لایاندا خانمان، چادری ڕەش لەسەر
وەک ڕۆژ لەژێر هەور سەریان هێنا دەر
چارشێویان لادا لەسەر گۆنای سوور
دەرکەوتن سینگ و باسکی وەک بلوور
نێو سینگ و مەمک و قەد و باڵایان
چەند جوان دیارن ئاڵوواڵایان
بەو چلەی زستان، ناخۆش بێ بێتۆ
هەرزان بوون سێو و هەنار و لیمۆ
باسک دەرخران، بەرۆک هەڵدڕان
قەد باریک کران، کەفەڵ هەڵخڕان
هەروەک ئاسمانە ئەوڕۆ خەیابان
ورشەورشیانە مانگ و ئەستێران
چوار چوار و سێ سێ، بە جووت دێنە خوار
تاوسن، بازن، شەهێن و شمقار
کەون، کۆترن، قورینگن، پۆڕن
مامزن، ئاسکی ناسکی چاوشۆڕن
هەر عەیش و بەزم و شەوق و شادییە
وەک حۆرین، بیری مردنیان نییە
پەرچەم لەسەر ڕوو پرش و بڵاون
وەک مسک و کافوور تێکەڵ کراون
حەبەش و ڕۆم و زەنگی شەڕیانە
زولف و خاڵ و ڕوو، زەدوخوردیانە
لە دواوە دەستەی زولفان سەر بڕان
سەر، شانە کران، پەرچەم هەڵکران
بۆ فووتباڵ دەچن، سیرک و تیاتر
کچ لە پێشەوە، کوڕان لە دواتر
کچ و کوڕ تێکەڵ، هەروەک شەکر و شیر

پیاو و ژن، ژینیان وەک یەک جوان و پیر
وەرزشێ دەکەن، زۆرانێ دەگرن
عەیب و عار نییە، نابێ تێک فکرن
باسک ڕاست دەکەن، خۆ دادەنوێنن
سینگ ڕەپێش دەخەن، لاقان هەڵدێنن
ئەوجار هەر کەوتن بۆ کوڕ لایقە
لە ژێر و لە سەر، هەر ئەو فایقە
ژن و پیاو وەک یەک، زەحمەت دەکێشن
فەرەنگی بەوەی لێمە لە پێشن
سیلاح هەڵگیران، سجیل وەرگیران
بۆ دوو ساڵ خزمەت بە سەرباز گیران
سەرڕووتی و مەستی، جەڵدی و تەڕدەستی
ڕەقس و هەڵپەڕین لە بڵیندی و پەستی
فوتباڵ و وەرزش، بازدان و پەڕش
لە خیابان و باغ، سەیران و گەردش
لە دانیشتندا کڵاو نەماوە
کڵاوداگرتن لەجێی سڵاوە
ئەوانە چاکن بۆ عەسری حازر
ویۆڵۆن، پیانۆ، ڕادوێ و تیاتر
عەبا و عەمامە کەمیان بمێنن
مەلایان چیدی خۆیان نەنوێنن
نوێژ و ڕۆژوو و حەج، سەرفیترە و زەکات
خەتم و تەهلیلە و خێر و حەسەنات
تەکیە و خانەقا، مەدرەسە و مزگەوت
دەرکیان بەسترا، پاکیان پەکیان کەوت
نابینم نوێژ و جومعە و جەماعەت
نابیێم بانگ و ئەوڕاد و قامەت؟
کوا حەڵقەی دەرسی مەلای لادێیان؟
کوا دەور و «ئالی بابا»ی فەقێیان
کوا حەڵقەی زیکری دەروێشی غەوسی
کوا شوغڵ و خەتمی سۆفی ئوەیسی؟
وا ئیجاب دەکا ئەوڕۆ زەمانە
دنیا ئاخری هیچ و نەمانە

تەئریخ هەزار و سێسەد و چاردە
دەی مانگە، دنیا زۆر وشک و ساردە

## بۆ تۆیه هەر بە تۆیه دەتوانم بکەم سەنا

بۆ تۆیه هەر بە تۆیه دەتوانم بکەم سەنا
ڕۆژ و شەوی تۆ دێن و دەبێ مەغریب و عیشا
گەورە و گران و بێکەس و بێ جێ و بێ مەکان
بۆ بێکەسان کەس و بۆ بێ جێیەکان، پەنا
تەنها و بەرقەراری، هەر بووی و هەر دەبی
بێ ئاز و بێ نیازی، بێ باب و بێ برا
بێوێنە سانعێکی بە ئەمرێ دروست دەکەی
ئینسان لە ئاو و گوڵ لە گەڵاو و لە گڵ، گیا
هەرچی پەڕی گوڵانە، لەبۆ زیکری تۆ، زمان
هەرچی گەڵای بەدارەوە، دەستن لەبۆ دوعا
هەر شوکری تۆیە دەیکەن و هەر ڕزقی تۆ دەخۆن
حەیوان لە بەحر و بەڕیە، فریشتان لەسەر سەما
هەر چاویان لە تۆیە، هەر ئومێدیان بە تۆ
هەرچی غەنی و فەقیرە لە هەرلا، گەدا و شا
ڕەززاق و نازری لە هەموو جێگە حازری
خاڵی لە تۆ، لە عەرز و سەما جێگەیێ نەما
بۆ دۆست و دوژمنە کەرەمت، بێ کەم و زیاد
بێ مننەت و تەشەخوسە، بێ قیمەت و بەها
موحتاجی ڕەحمی تۆیە، نەبی بێ ئەگەر، وەلی
حەیرانی وەسفی تۆیە ئەگەر شێخ، ئەگەر مەلا
ماسی لە شەوقی تۆیە لە بەحرا دەکەن شەنا
تەیران لە عیشقی تۆ لە سەمادا دەکەن سەما
لوتفت لەبۆ مە بێ، چ شەفایێکە دائیمی!
دوور بێ لە ئێمە قەهرت، دەردێکە بێدەوا!
تۆ زیاتری لە هەرچی خەیاڵاتی لێ دەکەم
نی وەک کەسێ، نە کەس وەکوو تۆیە، قسەش بڕا!
تەعریفی تۆ لە تاقەتی فیکری مە، چۆتە دەر
لاحصی سەییدی مەیە فەرموویە بەرمەلا
هەرکەس بڵیندی کەی، بە کەسێ ناکرێ نەوی
هەرکەس فڕێ بدەی، لە هەموو جێگە دەرکرا
زەڕڕێکی نووری تۆیە کە دونیا پڕە لە نوور

ڕووناکی ڕۆژ و مانگی شەو و شوعلەیی سەما
هەڵکەی ئەتۆ چرایەکی قەت ناکوژێتەوە
ڕیشی دەسووتێ هەرکەسێ فوو کا لە ئەو چرا
ڕەدد و قەبوڵی تۆیە یەکێ نەحس، یەک سەعید
ئادەم گەڕاوە هاتەوە، شەیتان وەدەرنرا
باکم چییە گوناحم ئەگەر زۆرە یا کەمە
چونکە هەمیشە پیشەیی تۆ بوردنە و عەتا
زۆرم هومێدە ڕۆژی قیامەت بە عەفوی تۆ
مەعلوومە هەر لە تۆیە عەتا، لێمەیە خەتا
بەخسووس شەفیعی ئێمەیە ئەو خۆشەویستەکەت
شابازی ئەو ... فەڕ و شای شارەکەی سەفا
هەردەم سەڵاتی زۆر و سڵاوێکی بێ ژومار
دیاری بۆ ڕۆحی پاکی تۆ، ئەی فەخری ئەنبیا!
مەقسوود لە خەڵقی عالەمی، هەر زاتی پاکی تۆ
خەڵقی هەموو توفەیلی و هەر تۆی کە بانگ کرا
چوونە حزوور و هاتنەوەت، لەحزەیێکی گرت
لەو جێگەدا مەلەک بە گەلێک کەوتنە دوا
هات، چوو و بیستیی و کوتی و زوو گەڕایەوە
ئاڵقەی دەر هەر دەلەرزی، چرای ماڵێ هەر گڕا
پاشخوانخۆرن لە خوانی سەفات هەرچی ئەنبیا
ورتکەچنی دەری کەرەمت جوملە ئەولیا
تۆ پادشای و ئێمە گەدایانی دەرکی تۆ
غەیری گوزەشت و بەخش، چ دەکرێ لەگەڵ گەدا؟
عەبدم لەبۆ سەحابە- کە یار و ڕەفیقی تۆن
قوربانی ئال و بەیت و ئیمامانی ڕێنوما
بۆ من کە چوار یاری نەبی یار و یاوەرن
بۆ دۆزەخم چ غەم؟ بە بەهەشتم چ ئیعتینا؟
ئەودەم کە هەرکەسێ بە کەسێکی دەبێ نەجات
ئێمەین و دەست بە دامەنی ئەو پێنج تەنی عەبا
کوردین و بێکەسین و لە هەرلایێ دەرکراو
دەستێ وەدەس مە دە، کە لە ڕێت ئێمە لانەدا
دونیا، کە سیجنی موئمینە، فەرمووت و دات خەبەر
هەر بۆ مەیە، لەگەڵ مەیە، هەر لێمە ڕوو دەدا

یەعنی نە ملْک و ماشە لەبۆ مە، نە حالْ و مالْ
نە جاھ و نە جەلال و بیّ مالْ و بیّ سەلاَ
لێمە نە شا و نە میر و نە سەردار و نە وەزیر
نە حاکم و نە نایب و سەرتیپ و نە سپا
هەر یەک غولاَم و نۆکەری بێگانە میللەتێک
زیز و کز و کەسیف و کەنەفتین و بێنەوا
نیمانە مەرکەزێکی کەوا پالْی پێوە دەین
نە مەزن و گەورەییێکی کە پێیان بەرین پەنا
پالْەستۆدان و جواب و فڕێدان لە پللەکان
دەس پێوەنان و پشتەملە، زللە، گێت، نەیا!
نە مەدرەسە، نە دەرس، نە عیلم و نە سەنعەتێک
زوڵمە لەگەڵ مە، هێندە بە چاوێک نەکەن نیگا
ئاخر بە زاتی تۆیە هومێدی نەجاتی مە
ڕازی مەبە لە ئوممەتەکەت، میللەتێک فەنا
ئەورۆ حەسەن موئەززینە کوردانە بانگ دەکا
هەستن لە خەو، وەخرِ بن و حي على الصلا
نوێژ چاترە لە نووستن حي على الفلاح
سەجدە و ڕکووع لایقە هەر بەرنە بەر خودا

## کەسێ بەختی سەعیدی بێ دەبێ حازر لە دیوانت

کەسێ بەختی سەعیدی بێ دەبێ حازر لە دیوانت
مەلازی مەنزڵی تۆیە نەسیبی وی لەسەر خوانت
کە قووتی ڕۆحە مێهری تۆ لەسەر سەفحەی مەحەبەتدا
هەمیشە حازری وەقتە، جەسەد بۆچ بێتە میوانت!
میسال تای چینی زولفی دڵبەرە «تاچین پلاو»ی تۆ
لە دوور هەر دانەیێکی دڵ هەزاران دێنە پێشخانت
زریشکی ڕەشکی خاڵی دڵبەر و حەسرەتدەری میشکە
لە زیرەی عەتربێزی ڕێزەڕێزە جەرگی کرمانت
وەکوو ئارەق لەسەر کوڵمی نیگارین یاری گەندمگون
برنجی ڕەنجبەری کوردانە دانەی کەوتە سەر نانت
تەواوی ڕانی بەرخێکی کە بەرخێکی تەواو دێنێ
بە سەد مەڕ ڕابرا ئەوڕۆ لەبەر چاوی دۆعاخوانت
کەلامی بامەزە و خوڵقی خۆش و شیرین کیفایەتمە
بڵێ با دانەنێن قەنداو و دۆ، لابەن نمەکدانت!
لە زەرد و سووری سەر دەوری، بەجارێ دڵ سپی بۆوە
لە ڕەغمی زەعفەران ڕەش هەڵگەڕا ڕەنگی ڕەقیبانت
کە قاوە قاو دەکەی، تاڵی میزاجم چا دەبێ شیرن
فیدای قەندی لەبت! ئاوی بەقا دەڕژێتە فینجانت
دەلیلی عاقیبەت مەحموودییە مەحموودە هاوخوانم
کە وەک شاپووری خوسرەو وایە بۆ تەدبیری کارانت
نەکیسا و باربەد وا چاکە بۆ ئەو بەزمە حازر بن
لە بەزمی خوسرەویی، مەحموودخان! کوا دەنگی جارانت؟
هەوای «حاجی عەلی کەند»ت لەبۆ دڵ، بوو عەلی سینا
شەڕارەی دەردی دڵ تەسکینە ئاو و خاکی «دەرمان»ت
هەمیشە «حافز» و «سەعدی» بەڕۆحانی دەبن حازر
ئەگەر «خان» و «حەسەن» بێن و بخوێنن نەزمی شیعرانت
«نیزامی» نەزمی بەرهەم، «ئەنوەری» نووری نەما شیعری
کە سەدری ئەنجومەن ئەوڕۆکەیە تەبعی سوخەندانت
لە عیرفان زایدە «عورفی»، «سەنایی» نەزمی مەزموومە
«کەلیم» ئەوڕۆ کەلامی موهمەلە، زاهیر کە عیرفانت!
لە مەیدانی سەعادەت بوو، نەسیبی من سەعادەت بوو

به عینوانی مەدیحی تاوبەتاوێ دێمە مەیدانت
کەلامی من وەکوو شیعری فلانی بێ سەر و پێ نین
بکەم تەقتیعی ئەوزانی، یەقین ڕاست دێتە میزانت
دەڵێن هەر کەس کە سفرەی بێ، بەهەشتی جێیە، ئەوڕۆ تۆ
بە نەقدیی ساکینی خولدی لەسایەی جووتە جیرانت
لە هەرجێ، بۆ هەموو کەس جوودی تۆ بێ میننەت و مەنعە
وەکوو سەیلی بەهارانە سەخای وەک هەوری بارانت
«عەلی»! مەشهوری شارە من کە «سەیفی» زولفەقاری تۆم
هەمیشە «یا عەلی»مە، گەر قەبووڵم کەی لە شیعانت
ئەوا هات عیدی قوربان شوکری لیللا، خۆشی خۆشیمە
کە حەججی ئەکبەرە بۆ من کەوا خۆم کردە قوربانت
هەتا موژگان، لەبۆ دیدە ببن حافز لە دیتن دا
لە ئەمر و نەهیدا تا ڕاست و چەپ بن تیغی موژگانت
لە ڕاست و چەپ بڕۆن سەف سەف سەوارانت لە دوویی یەک
هەمیشە حافزت بێ بۆ حەوادیس لوتفی یەزدانت
هەموو عالەم لە نیک و بەد بە حیسسەی خۆی دەکا شوکرت
لە وەقتی بەزلدا گەر سەروەرا! دەس بەریە گیرفانت
کە تۆی ئەوڕۆ لە زومرەی موخلیسانی شاهی شەمسەددین
دەلیلێکی تەواوە بۆ تەواویی نووری ئیمانت
کەلامم خۆش و شیرینە لە نۆشانۆشی بەزمی تۆ
خوسووسەن، گەر دەکەم ئەندەک بەیانی فەزل و ئیحسانت
هەتا حەڵقەی دۆعا و تەهلیل و خەتمن ڕۆژ و شەو دایر
لە دنیا و عاقیبەت یار و موعین بێ شەمسی بورهانت
هەتا هەڵبێ لە مەشریق ڕۆژ و ئاوابێ لە ڕۆژاوا
هەمیشە ماڵت ئاوا بێ، پەنات بێ شەمسی بورهانت
لەلام تەرکی ئەدەب کفرە، ئەمن تەرکی ئەدەب ناکەم
لەبەروەی بوو کە ڕاوەستام لە کن «میسباحی دیوان»ت
فزوولی ئاوری شەیتانە، هەوای شەیتانی قەت ناکەم
لە بابەت ئاوی «خۆش گەلدی» لەسەر خاکی «ڕەحیم خان»ت
«سمایل بەگ» لەگەڵ من کەی شکستی کاری وی فەرموو؟
لەبۆ خدمەت «ئەدەب» ئەوڕۆ «حەسەن» هەر وەک «حسێن خان»ت
کە «کانی قوڵقوڵە»ی تەبعم لە بەندی عەوق ئازادە
ڕەزام مەدح و دۆعایە بۆ عەزیزان و مەریزانت

## قاسید کە لە دەر ھات و بە تەبلیغی وەفا کرد

قاسید کە لە دەر ھات و بە تەبلیغی وەفا کرد
حوجرەی منی حەسرەت دەیی سەد چین و خەتا کرد
پێم وت لە خەتا دێیەوە یا خیتتەیی تاتار؟
یا ئەھلی بەھەشتی کە دڵت پڕ لە سەفا کرد؟
یا خزری کە ھاتی بە دوو جام ئاوی بەقاوە
ئەم موردەیی ھیجرەت بە تەمای عومری بەقا کرد؟
یا خۆ لە تەڕەف یارەوە دێی حامیلی نامەی
خاسییەتی ئاھووی خوتەن و چینی ئەدا کرد؟
خاسییەتی بۆ چاوی منی خەستە و ڕەنجوور
وەک جامەیی یۆسف کە بە یەعقووبی عەتا کرد
ئەستاری وەکوو زولفی عەرووسانە موسەلسەل
ئەلفازی ھەموو گەوھەرە، چەن جوانی ئەدا کرد!
نوختەی بە مەسەل، خاڵە لەسەر ڕوومەتی یارم
یا وەک عەرەقی کوڵمی، کە مەیلی بە جەفا کرد
ھەر خۆم بە فیدای ئەو خەت و ئەو ڕەبت و بەیانە
عیجز و غەم و دەردی لە دڵم مەحو و فەنا کرد
ئەم دەستەگوڵە، بەستەیی ئەم دەست و بەنانەن
بۆیە وەکوو بولبول، حەسەنی نەغمەسەرا کرد

## دڵی وێران لە هیجران بۆوە مەعموور

دڵی وێران لە هیجران بۆوە مەعموور
حەسەن دووبارە بوو خۆشکەیف و مەسروور
بە تەنها ئەو غەمەم ماوە لە دڵدا
کە بووم لەو بەزمەدا مەحروم و مەهجوور
«سەعیدولمولکی دیوان» شوکری لیللا
دەڵێن مەشغووڵی شایی و شادییە و سوور
بەڵێ، جێی شادمانی و ئینبیساتە
کە مایل بووی بە مەتڵووب و بە مەنزوور
دەڵێن دەستبەندیانە ماهڕوویان
لەسەر سینە دەلەرزن زولف و بەرموور
وەکوو پۆلی قورینگ و تاوس و کەو
کە دێن بۆ هەڵپەڕین خووبان بە جەمهوور
کە دەس دەگرن بەڕیز بۆ هەڵپەڕینێ
وەکوو قاز و قورینگی سەربەرەژوور
کچۆڵە و پیاو و ژن دەستیان لەدەس یەک
وەکوو عیقدی سورەییا وان، جەم و جوور
لەسەر سمتانە پشتێندی شەدەی شل
لەبەر پێیانە لفکەی پووڵەکەی دوڕ
لە ڕۆینە کۆترن، لەنجە مراوی
بە بازی هەڵپەڕین، ئاسکی کەفەڵ کووڕ
گوڵ و گەردنلغ و گوارە و قەتارە
لە ئەستۆ و دەوری سەر، «نووری عەلا نوور»
بە ڕوو سوور و سپی، چاوی گەش و ڕەش
بەبێ سووراو و سپیاو و کلی توور
دەڵێن ئەوڕۆ وەتاغی تۆ بەهەشتە
کە پێیدا دێو و دەچن غیلمان وەکی حوور
لەسەر ڕوودا بڵاو بوون خاڵ و پەرچەم
دەڵێی تێکەڵ کراون میشک و کافوور
لەسەر کوڵمان عەرەق وەک شەبنەمی گوڵ
کە هێشتا لێی نەدابێ شیددەتی نوور
خشەی شەڵواری خارا و ئەتڵەسە دێ

زڕەی خڕخاڵی زێڕ و زەنگی پاموور
کراسی مەخمەڵی زەرد بوون لە تۆزا
تکەی ئارەق ڕەشی کرد چەکمەیی سوور
لەلایێ هەڵکراون قۆڵی «زێوین»
لەلایێ دەرخراون پووزی بللوور
قەد و ئەندام و سمت و پووز و پاشن
خڕ و باریک و گرد و شووش و ئەستوور
کەنیزی وا دەبێ ڕەقس و سەما کەن
کە بەو ئەوسافە بن مەخسووس و مەشهوور
«ئەدەب» نابێ لەنێو ئەو بەزمەدا بێ
هەتا لادەن کچان ڕووبەندی فەخشوور
جلیت بازان لەلایێ هاتەهاتە
لە ترسی داری وان پشتی فەلەک کووڕ
لەلایێ نێزەبازان حەملەوەر بوون
لە هێرشدان، دەدەن چەرخی فەلەک سووڕ
دەبێ بێن «حاجی بابا» و «ڕەحمەتوڵڵا»
بڵێن ڕاک و حیجاز و شوور و ماهوور
بڵێن «خانە» و «حەسەن» با بێن بە جووتە
بەدایم نەغمەخوان بن، مەست و مەخموور
لەلایەک نرکەیی زوڕنا و دەهۆڵە
لەلایێ ناڵەیی نەی دێت و تەنبوور
لە دەوری شاییدا، دوژمن بە حەسرەت
وەکوو گۆڵی مەڕی دەس کەن بە سەگلوور
وەکوو ڕێی کەهکەشان، ڕیزی مەجوعمان
کە دێنن، دادەنێن بەو داب و دەستوور
بە ئوممێدی عەتان خەڵکی لە دەورەت
سولەیمانی دەڵێی، ئەو عالەمە موور
لەبەر شەهدی سەخات ئیجماعی عالەم
دەبینم دێیەکەت وەک شارەزەنبوور
لە هەر لایێ دەڵێن هەر عەیش و نۆشە
هەزارخۆزگەم بە میوانی دەر و ژوور
لە دەوری مەنقەڵی جەمعێک بە دەورە
دەکێشن، دادەنیشن بەنگ و کافوور

دەبێ تەختێ دروست بکرێ لە سەندەڵ
دەبێ وەستا لە هیندێ بێ و لە لاهوور
لەژێر تەخت ئێستری دوڵدوڵ سیفەت بێ
دەبێ ببنە یەدەک شەبدیز و لاهوور؟
دەبێ قەیسەر سەری مەحمیل بکێشێ
دەبێ مەیدان بماڵێ ئیمپراتوور
خەدێوی میسر ئەبێ شەربەت بگێڕێ
دەبێ بێڵداری ڕێ بێ شاه و فەغفوور
دەبێ موتریب «نەکیسا» و «باربەد» بێ
بە نۆرە دانەنێن قەت، ساز و سەمتوور
دەبێ «شیرین» و «شەککەر» ببنە ساقی
لە زومرەی نازران «پەروێز» و «شاپوور»
«ئەسەد» دەیکا قڕانی هەردوو «سەعد»ەین
لەنێو بورجان بووە بەم بۆنە مەغروور
دەبێ بۆ گاووگەردوونی، کەڵ و گا
دەبێ بۆ سەربڕین بێنن شەک و کووڕ
خودا بکا دائیمەن وا شادمان بی
عەزیزی ئارەزووت خۆی بێ لەرێی دوور
هەمیشە دێیەکەت وا ئاوەدان بێ
وڵاتی دوژمنت وێران و خاپوور
لە «داشاڵووجە»ڕا حوجرەی فەقێیان
لە دووریی مەوتەنی تۆم زار و ڕەنجوور

## هەتا عەیش و تەرەب بێ ڕۆژی نەورۆز

هەتا عەیش و تەرەب بێ ڕۆژی نەورۆز
هەتا گوڵ بێ لە باغدا مەجلیس ئەفرۆز
هەتاکوو زولفی مەحبووبان بێ ئاڵۆز
هەتا موژگانی خاڵخاسان بێ دڵدۆز
هەتاکوو خاڵی سەرکوڵمان جگەرسۆز
هەتا نەورەستەگان بن عیشوەئامۆز
هەتا شەڵوار لەبەر لەنجە دەکەن تۆز
هەتا بکرێ لە ئەسپان زینی ئوڵدۆز
لە دەشتی یەکشەوە تا گا دەکا مۆز
هەتاکوو مام «نەسوڵڵا» پێی دەڵێن بۆز
هەتا وشتر مەهار دەکرێ بە لمبۆز
هەتا دێژن بە قەڵپۆز سەقزی کەڵپۆز
هەتا بەرغەل بەهاران بچنە ناو کۆز
هەتاکوو کارژیلە بکەن هەڵتۆز هەڵتۆز
خودا بکا دوژمنت هەر سەرنگون بێ
لە سەرتا بێ هەمیشە تاجی فیرۆز
لەبەر زوڵمی زەمانە قەت نەناڵی
لە باوەشتا بێ دایم دڵبەری قۆز

## زۆر توولی کێشا عەزیز هیجرانت

زۆر توولی کێشا، «عەزیز» هیجرانت!
لاڵ بم نابینم مەیلی جارانت
چ قەوما ئەوساڵ لەبەر چاو کەوتم؟
چلۆنت دڵ هات لە دڵ دەرکەوتم؟
لە چێشتانێڕا تا بانگی شێوان
چاوم لە ڕێدا، لە دەشت و کێوان
چاوم هەر لەڕێی «کانی کووزەڵە»
دنیام لەبەر چاو تەم و دووکەڵە
ساڵان هەر مانگێک، مایەی حەیاتم!
یا تۆ دەهاتی، یا من دەهاتم
هەر هاتەهات بوو ئەوساڵ، نەهاتی
ئەویش بەدبەختیم مایەی نەهاتی
دەورانی دووریت وشکەسەرمایە
لە بەختی ڕەشمە، باش ڕەشەبایە
هەمڕازی شەوێم فیکر و خەیاڵت
ڕەفیقی ڕۆژێم یادی جەماڵت
ژینی بەبێ تۆم ناخۆش و تاڵە
وەتاغم زیندان، ماڵم پێ چاڵە
هەناسەی ساردم، فرمێسکی گەرمم
بەستوویە لەسەر ڕووی زەردی نەرمم
شەوانم شین و گریە و ڕۆڕۆیە
ژیربوونی ڕۆژم بۆ هاتنی تۆیە
ڕاستت پێ بڵێم «عەزیز»، براکەم!
ناژیم، نامێنم، بێ تۆ هەڵناکەم
موژدەی هاتنت «ئەولێ» پێی داوم
بەو بۆنە دەژیم، هەر بۆیە ماوم
هیلالی ئەبرۆت چونکە نەبینرا
جێژنمان تێک چوو، ڕۆژوو نەگیرا
ڕۆژووشم بێ تۆ لێ قەبووڵ نابێ
سەرفترەش بدەم، سەرم چا نابێ
نوێژ و ڕۆژووی تۆ یاخودا قەبووڵ بێ

جێژنت مبارەک، حەجت وسووڵ بێ
لە ئینتیزاریت عەیشم نەماوە
هەر لەحزێک حەسەن سەد جار کوژراوە
زووتر نووسیبووت لە دەی دوایە
کە دێم و دەچین بۆ خانەقایە
ئەو دەیە ڕۆیی ئەوا دەی دیش هات
دەی مانگیش گەیی لە سەرمان نەهات
ئەوە دوو ساڵە مەحرووم لەوێ
بە حاڵی من بێ هەر کەس تۆی نەوێ
هەر کەس بە تەمای دین و دنیا بێ
دەبێ لەو دەرکە خاکی دەرگا بێ
قیبلەیە بۆمە، زۆر لەمێژ ساڵە
ڕووی لێ وەرگێڕین، نوێژمان بەتاڵە
فیکر و وەسوەسە و خوتوورە و خەیاڵ
نامێنێ لەوێ خواردنی حەڵاڵ
دڵ وەک ئاوێنە جەلای هەڵدێنێ
ژەنگی گوناح و ژاری نامێنێ
جێگا و بارەگای شەمسی بورهانە
شەیتان وەک شێتان لێی سەرگەردانە
ڕۆژ، لە عاسمانێ دنیا پاک دەکا
ئەو، لە ژێر عەرزی دین ڕووناک دەکا
فەرقی دەگەڵ ڕۆژ، عەرز و عاسمانە
دنیا ڕادەبڕێ، مایەی دینمانە
بۆخۆی فەرموویە: ئەو بستە خاکە
مەنعی بەرەکەت، قەت لەنگۆ ناکا
لەپاش من خۆتان بە کەس مەسپێرن
خوێنوو بڕێژن ڕوو وەرمەگێڕن"
چەن خۆشە خەتمی پاش نوێژی شێوان
فەیز و بەرەکەت، جەزبە و پەشێوان
نوێژی سبەینان، پاش خەتمی قورئان
لە سوورەی یۆسف یا ئالی عیمران

## زیارەتم کرد کاغەزی کوردی

زیارەتم کرد کاغەزی کوردی
پڕ لە ئیلتیفات، ڕاستی و مەردی
پاکەتم هەڵگرت، شووشەی عەتری بوو
باڵی مەلایک، پەڕی پەری بوو
چوون لە دڵڕا هاتبوون مەعناکانی
زۆر شیرن و خۆش بوون کەلیمەکانی
کەلیمەکانی دوڕڕ و گەوهەر بوون
سەری شکستەی زولفی دڵبەر بوون
وەک زولفی دڵبەر بوون «لام»ەکانی
وەک سەری مەمکان بوون «میم»ەکانی
نوقتەی حەرفانی وەک خاڵەکانی
سەفحەی کاغەزی وەک سنگی پانی
ئەلف قامەتی تازەنەمامان
لە باغان بەناز دەکەن خەرامان
پرسیبووت «حەسەن» بێ تۆ چلۆنە؟
لە دووریت سووتا وەکوو کای کۆنە
«عەزیز»! ژیانم بێ تۆ مردنە
شوغڵم شەو و ڕۆژ ڕۆ- وای کوتنە
بەری فیراقت دەست و پێی بردووم
لە سەرمای دووریت لە ژیانم بوردووم
برنجی پیتە و بەڵمم بۆ چییە؟
لە جۆگەی لوتفت بڕشت یەک سییە!
سێڵاوی ئەشکم بەندی شکاندم
لەمپەر و بەندک، گوریسی پساندم
وێنجە و بەڵم و کا، گەلێک گرانە
کە لە تۆ دوورم، لەلام هەرزانە
خۆم بم بە قوربان دەست و قەڵەمت
یاخودا بەزیاد بێ لوتف و کەرەمت!

## چ خۆشە من نەخۆش و یاری دڵکەش

چ خۆشە من نەخۆش و یاری دڵکەش
لە ڕێگەی لوتفەوە بمخاتە باوەش
پەرێشانم لەبەر زولفی بڵاوت
نەخۆش و مەستی ئەو دوو نەرگسی گەش
نیشانم دە، فیدات بم، جووتە خاڵت
لە ئەووەڵ نەردەوە چەن خۆشە دووشەش!
ڕوخی زەحمەت مەدە زولفی مەحەک ڕەنگ!
چ موحتاجە بە تۆ ئەو سیمی بێغەش؟
فیدای زولف و برۆ و پێڵوو و مژۆڵت
کەمەندە هەم کەمان، هەم تیر و تەرکەش
بە دوودی ئاهی من ڕەشپۆشە گەردوون
بە ڕووتا خاڵ و پەرچەم بوون موشەووەش
حەسەن! شوکری خودا ئەوڕۆکە وەسڵە
نەجاتت بوو لە دەستی تالعی ڕەش
بەڵێ، بەو شەرتە خۆشە وەسڵی دڵبەر
کە دەمدەم دەم لەنێو دەم، دەس لە باوەش
کز و زیزی لە کەم مەیلی، «عەزیز»م
عەیامێکە عەوامی، تەبعی سەرکەش!
هەتاکوو سارد و سڕ بوو مەیلی گەرمت
ئەدەم جینگڵ وەکوو ماری سەر ئاتەش
لەسەر ڕوخساری زەردم ئەشکی خوێنین
هەتا کەی دێتە خوارێ؟ بەختەکەی ڕەش!
سپای دووریت لە سێ لا دەوری داوم
بەسانی مەنگوڕ و پیران و مامەش
وەرە جارێ، بە جارێ لا مەدە لێم
دەبێ وا بێ وەفای یارانی مەهوەش
سەر وماڵم دەکەم قوربانی ڕێگەت
بەران و جوانەگا و لۆک و کەڵی ڕەش
بە کوردی شایەرێکی زێدەچاکم
لە شاباشی سەخای خۆت مەمکە بێبەش
هەمیشە زیکر و فیکرم یادی تۆیە
لە شایی تۆیە خۆشم بوومە چاوەش

## عەزیز ئارەزووت زۆری بۆ هێنام

عەزیز! ئارەزووت زۆری بۆ هێنام
فرمێسکم سوور بوو، زەردی ڕووی لێنام
دیسان بە ئاوری دووریت کەوتمە گیر
دنیام لێ سارد بوو، بوو بە زەمهەریر
دنیا وا پڕ بوو لە بەفر و سیخوار
فرمێسکی سوورم بەسپی هاتنە خوار
تا ناهومێد بووم لە هاتنی زووت
جەرگم بوە پۆلوو، هەناسەم بزووت
هەوا بە حاڵم وەک کێوان دەگری
بە تەرزە و بەفر و باران و هەوری
عەرزیش لەبۆ من هێندەی قوڕ پێوا
بەهاری دەگەڵ زستان لێ شێوا
گیا و گوڵی مێرگان بۆم سیس و زەرد بوون
بۆ شینی کێوان، کەوان هەمدەرد بوون
داری مێشە و باغ بەفر داپۆشین
لێک دەڵێی مردوون، کفنیان پۆشین
شینی بەهارە، ئاسمان هەر دەگری
هەوریش ناڵەناڵ ڕووی خۆی دەپچڕی
با، لە کێو و دەشت خۆڵ وەسەر دەکا
گریانی کێوان بەحران پڕ دەکا
کەوی کوێستانان، لە قاسپە کەوتن
بێهۆش بوون یاخۆ، خەویان لێ کەوتن
چیرە و جریوەی جوورە و چۆلەکە
نایێ، نەیانما هێلانە و هێلکە
لەگلەگ لە گل کەوت، نەما تەقتەقی
سێرووش لە سیرە و فیتوو و چەقچەقی
پاک پەشیمانن لەبۆ گەرمێنێ
بۆچ دەهاتنەوە؟ عەمروو نەمێنێ!
قاز لە شەتاوان قاڕەی لێبڕا
دوڕنای چۆماوان زوڕنای لێدڕا
لە درزی عەرزی، هەوێردە دامان

بێهۆش بوونەوە، سڕ بوون لە سەرمان
لە سەرمان، سەریان کیسەڵ و ڕەقە
بردە بەر خۆیان، بێ تەقە و ڕەقە
ویشک بوو دووپشک، ئەو کوێری ناڕاست
مشک کونی خۆی بە ئاوات دەخواست
بۆق کە دەیقڕاند، لەوێی کردەوە
کەریش زەڕینی، لەبیر بردەوە
مار پاپۆکەی خوارد، خۆی دە خۆڵ دەگرد
توێژی کۆنە و نوێی لەبەر خۆی دەکرد
ڕێوی کەوڵی خۆی ئاوەژوو دەکرد
ژووشک ئارەزووی کەوڵی مووی دەکرد
لاڵ بم نابیبێم لە چیا و لە ڕازان
زیڕەی هەڵۆیان، چریکەی بازان
لەبن بەردان مان هەر سەرمازەڵە
لە باغ و باخچان، قەل و قشقەڵە
پووشی داپۆشی، داڵدەی پاک بڕی
کەروێشکیش ڕیشەی پاک کرد و بڕی
بەفری بێ وەعدە ڕەشانگی بڕی
ڕەشانگ و سپی پاکیان سەر بڕی
سەر بڕا گاشین پاش مانگابۆرە
لەباتی « گاران ڕۆیی» گابۆڕە
شین و شەپۆڕە لەنێو ڕەعیەتی
بەبا چوو ڕەنج و سەعی و زەحمەتی
شەماڵ و زریان دایم شەڕیانە
ئاغاوەت شڕن، کرمانج قڕیانە
ڕۆژ هەتا شەوێ، گەورە و بچووکیان
خێزانی ماڵێ، گەورەکچ، بووکیان
خەریکن لە باغ فریزوو دەردێنن
وەک شەونمی گوڵ ئارەق دەڕژێنن
ئارەق لە هەنیان بەڕیز بژمێرە
کێ دی لە ئاسمان بە ڕۆژ، ئەستێرە
لە دەوری سەریان، دەسرۆکەی هەوری
وەک مانگی چاردە، لە نێوان هەوری

کەوتە سەر پیلیان چارەکەی نوێژێ
کەشەهەوری کرد لە دەورەی ڕۆژێ
زولفان لە ڕوویان وەک ڕەشمار دەخشان
شەو، بوون وەک شەوە، بە ڕۆژ دەدرەخشان
قەد و باڵایان وێنەی نەمامان
کێ دی نەمامان، بگرن شەمامان!
دەسماڵی ملیان، پشتێندی شلیان
چنار و لاولاو، چاوی بە کلیان
زولفان لەسەر شان، لێک پڕژان، ڕژان
لەشکری چین و ژاپۆن تێکچڕژان
بە لەرزە دەچنە فریزووچنین
گریانە کاریان لەجێی پێکەنین
بۆچنینەوەی جوان کەڵەکەی دەکەن
پۆلی کەوان وان، کە چینەی دەکەن
پاچ و پێمەڕە و بێل لەسەر شاندا
وەک فەوجی حازر لەژێر فەرماندا
هێندە لاوازن مەڕ و ماڵاتیان
قوربانی ناکرێ، نادرێ زەکاتیان
گا لەبەر لەڕی هەڵناگرێ نیری
نە مەڕ ماستی ما، نە مانگا شیری
لۆک چەمبەرەی بوو، ماین مشمشە
گا، گوێرەپەی گرت، گامێش خشخشە
کەڵ و گامێشان بوونە چەکچەکی
وشتریان بەعەین بێچووی لەگلەکی
لەبەر بێهێزی، لە ترسی سەرما
پشتێند لە پشتدا هەموو جل کرا
بزن و مەڕ ڕووت بوون وەک سوورەساقە
یەک دانوو دەیکوشت، یەک بەلەباقە
زستانی ئەوساڵ دیارە پێنج مانگە
مەڕ و کا و گیا و جۆ، بڕا لە دانگە
نایە فیتەی شوان لەسەر شەوێنێ
مێگەلان چێشتان لەکوێ دەنوێنێ؟
کوان شەنگەبێری لە چیا و کوێستانان

شڵقەی مەشکەیان بەری بەیانان
قۆڵیان هەڵدەکەن دەڵێی بلوورە
سینگیان دەردەخەن، پارچێک لە توورە
دەرزی بەرۆکیان کە دێن دەربێنن
ڕۆژ لە عاسمانێ بۆ عەرزی دێنن
زولفیان لابەلا دەکەن بەلادا
ڕۆژ هەوری لەسەر ڕووی خۆی وەلادا
دێهاتی لێک دەی چادر و هۆبانی
دەست ناکەوێ ڕۆن بۆ چەورەسانی
وەدەست ناکەوێ ماست بۆ هەوێنی
دۆی هەڵگێڕیەوە، یان بیکوڵێنی
پەنیر بوە ئیکسیر، شیر ئاوی حەیات
هەروەک ئەسکەندەر کەوتینە زوڵمات
شەماڵ و زریان دایم شەڕیانە
ئاغاوەت شڕن، کرمانجقڕیانە
زستانی ئەوساڵ دیارە پێنج مانگە
مەڕ و کا و گیا و جۆ، بڕا لە دانگە
تەویلە و هۆڵ و هەیوان هەڵوەشان
خرا بەر مەڕی لە دانگە و حەوشان
پووش و ئاڵاش و قامیش دەرکشان
درا بە گاڕان وەک وێنجەی نوخشان
کرمانج، دەوڵەتی پڕ و پاتاڵ بوو
کۆچی دێ بە دێی بە مانگ و ساڵ بوو
ئەویش لەدەس چوو، چیدی کۆچ مەکەن!
کای سەرەونوێ کەن، جووتی چا بکەن!
قیمەتی کایە وەک کارەبایە
بۆ بە قووتی ڕۆح وێنجەی سەحرایە
حاسڵی عومروو - لە زۆر و کەمی
داتان بە گیا و کا لەنێو عەجەمی
باغان دابنێن، داران بنێژن!
نەجیب و ئەسڵن، کۆن و لەمێژن
حەیفە میللەتێ شەش هەزار ساڵ بێ
نۆکەری ماڵان، ڕووت و ڕەجاڵ بێ

چیدی دوژمنان بە خۆ خۆش مەکەن
بووزو و کەپەنک باڵاپۆش مەکەن!
تا کەی لە دەرکان کز و بڵاو بین؟
بێ مەزن و گەورە، سەر بێ کڵاو بین
نۆکەریی ماڵان شەرمە لە بۆ مە!
کۆڵان هەڵگرین بە کۆمەکۆمە
هەر کەس ئارەزووی ماڵانی هەبێ
وەجاغی کوێر بێ، منداڵی نەبێ
ئەو بەدبەختییە لە کورد ڕووی دابوو
لەبەر نەخوێندن کۆزیان ساوا بوو
واجبە خوێندن بۆ دنیا و دینێ
پێغەمبەر فەرمووی بۆ چوونی چینێ
بە کوتە و شانامان میللەت دەمێنن
بە مەزن و گەوران شان دەشەکێنن
دەردی دڵ دەکەم کورت و کرمانجی
«حەسەن» کرمانجە، چی لە دیلمانجی
پووش و ئاڵاش و قامیش دەرکشان
دران بە مەڕی وەک وێنجەی نوخشان
کای زەردە و ڕزیو بە لیرەی سوورە
وێنجەی ڕەش و شین پێستی سەموورە
ڕێی کاکێشانێ وەک کەهکەشانە
قەتاری وشتر وەک ئەستێرانە
لاڵ بم نابینم خێڵ سەرەو خواران
تەقڵە و ڕمبازی و هەوهەوی سواران
کوا «پیرۆت ئاغا»، سەرخێڵی کوردان؟
لە «قوڵەسەنی» ڕا بچێ بۆ کوێستان
لە کوێیە «تاغی» - ئەو چادری جوانی
تیپ تیپ میوانی سەر سفرە و خوانی
کوانێ «سەید سەمەد» ئەو مەردی ڕەشید
بۆ «ماین بڵاغ» بچێ بە تەمهید
«خەسرەو»یش جوانەگا ڕەشی مندار بوو
خواردنی فریزوو، گەڵای بن دار بوو
دەگەڵ «غونچێ» گیان شینیان دەگێڕا

«ساڵح» و «قادر»یان ده سەر دەگێڕا
کەرەبۆزیشیان لەسەر وەستایە
کوڵی گریانیان لە ئەوکێ دایە
تازەماڵەکان داخودا چلۆنن؟
ئەوانیش خەریک فریزوو و کاکۆنن
دڵت تەنگ نەبێ، تفاقت هەبێ
ئەوی تۆی نەوێ یاخودا قەت نەبێ
«عومەر» و «عوسمان»، «بووبەکر»ی نازدار
بە ناز گەورە بن، هانامان چواریار
جێژنی قوربانە، خۆم قوربان دەکەم
جێژنەپیرۆزەی عەزیز گیان دەکەم
تاریخ هەزار و سێسەد و دوازدە
بیستی فەروەردین نەچێ لە یادە

## عەزیز بەینێکە لێم بێ خەبەری

«عەزیز» بەینێکە لێم بێ خەبەری
وەکوو بیستوومە لەم بەر ئەو بەری
جارێکی بیستم چووی بۆ «عەنبار»ێ
خۆشی خۆشیم بوو دێشی بۆ خوارێ
پاشان وامزانی سوار بووی بۆ «سەرا»
ئەمنت هەڵبوارد لە خزم و برا
مەگەر نازانی ئەمنیش براتم؟
ڕووناکیم هەر تۆی، مایەی حەیاتم!
خۆزگەم بە زستان، بەفر و سەرماکەی
مژ و سیخوار و کڕێوە و باکەی
کە هەمسەفەر بووین بەینێک پێکەوە
لەززەت ئەو وەختە، حەیات هەر ئەوە
شەوی مەراغە چەن خۆش ڕابران
چەندە سوحبەتی ڕۆحانی کران
لە پاشان بە شەوق دەهاتم بۆ لات
بۆی خاکی دەرگات جارجار بۆم دەهات
ئەو توف و بەندە لەکنم بەهار بوو
سەرمای ئێوارێی گەرمای نەهار بوو
کێوی «گامێشان» پردی سیرات بوو
«کولتەپە»ش بەهەشت، جێگەی نەجات بوو
هاتم، دابەزیم چوومە دیواخان
بە کوورە و لامپا بوو بە چراخان
یادی بەخێر بێ کوورە گەرمەکە!
پاڵەوپشتەکە، لێفەنەرمەکە
عەبدوڵڵا هەوای وەک بەهەشت لێ کرد
خۆش خۆش، بە خۆشی، هێند ئاوری تێ کرد
بەربانگ و پارشێو هەر نەوعە نیعمەت
دەگەڵ خوڵقی خۆش، بێ دەعیە و مینەت
زستان لە بەهار بۆ من خۆشتر بوو
گوڵی ئومێدم ئەودەم گەشتر بوو
حەسەن بە قوربان عەزیزەکانت
«عومەر» و «عوسمان»، «بووبەکر»ی جوانت

## عەزیز ناردبووی بۆم سەرکڵاوە

عەزیز ناردبووی بۆم سەرکڵاوە
دۆعای گەیاندبووم دەگەڵ سڵاوە
کەیفم زۆر خۆش بوو بە دوعا و سڵاوی
سەرپۆش و سورپۆش بوو سەرکڵاوی
سەرکڵاوەکەم وەقتێک لەسەر کرد
ترسی سەرمایەم لە سەرم دەرکرد
سەرم بڵیند بوو، گەییە عاسمانێ
دەتوانێ چ بکا سەرمای زستانێ
لە ئاوریشمێ بوو، یا لە تووکی قوو
گەرم و نەرم و ویشک، بێ کرێژ، بێ موو
قوبووڵی و دۆکلیو، شۆرباوی قازی
زۆر خۆشی کردن ناردنی پیوازی
کێ دیویە پیواز، بۆنی گوڵ بدا؟
وەکوو گوڵقەندی تام بە دڵ بدا
لەو دوو سەوقاتە، بێ درۆ و بێ بازی
ڕازی و مەمنوونم، خوا لێت بێ ڕازی
لە سەرمی دەکەم تا سەرمام نەبێ
لە چێشتی دەکەم تا بێتام نەبێ
دایم بەبێ تۆ غەمگین و ماتم
«عەزیز»! تۆی مایەی عەیش و حەیاتم
ژیانم ناوێ تاوێ بەبێ تۆ
حەسەن ئارەزووی ڕووی تۆ لە دڵی تۆ
«عومەر» و «عوسمان» نووری چاوانم
فێنکایی دڵم «بووبەکر»ی جوانم

## ئەو زوڵمە لەسەر چی کە دەکەی لێمە بە ناحەق

ئەو زوڵمە لەسەر چی کە دەکەی لێمە بە ناحەق
هەر عیشقە گوناحم بوەتە باعیسی نەستەق
سەر، گۆیە لە مەیدانی غەمت، پێی بکە بازی
ئەزیەت مەکە زولفت بە شەقێ لێی بدە سەر شەق
قەوس و قەزەحە تاقی برۆت ئەوڕۆ بە وەسمە
بۆیە دڵەکەم لەتلەتە بۆ خەنجەری ئەزرەق
خۆم خستەوە بەر پێ، بە ئومێدی سەری زولفت
دەخولێمەوە بەو ڕیشتەیی گیسوو وەکوو مەزرەق
دەڕژێنێ بە یەک غەمزە نیگات خوێنی سپاهێ
دەشکێنێ بە ڕووی تۆبەشکەن تاقی خەوەرنەق
بەو زولفی سەرازیر لەسەر چاهی زەنەخدان
ئاوێزە دڵم هەر وەکی هاڕووتە موعەللەق
هاتم بە خەیاڵ سەیری گوڵستانی ڕوخت کەم
پێگیری خەیاڵیشی نەدا لووسی و ڕەونەق؟
بەو زولفی سەراپا وەکوو ئاهوویی موقەییەد
یا شەهپەڕی تاووسە لەدووی کەبکی موتەووەق
تا بەخت ڕەشی بۆ حەسەنە باعیسی دووری
ڕووی زەردی بە سووراوی سریشکی بووە ئەبڵەق

## دەبا ساتێکی ساکین بێ لە ناڵین قەلبی خوونخوارم

دەبا ساتێکی ساکین بێ لە ناڵین قەلبی خوونخوارم
دەبا تاوێکی فاریغ بێ لە گریان چاوی خوونبارم
هەتاکەی غەرقی سێڵاوی سریشک و ئەشکی خوێنین بم؟
دەبا جارێ بە گۆشەی چاوی مەیلێکی بکا یارم
بە نای ناڵە و بە سینەی چەنگ و تاری غەم موهەییا بووم
بڵێن بۆ سەیری ئەم بەزمە دەمێ با وا بێ دڵدارم
دەرمکەی گەر لەلای خۆت، یا جوێنم پێ بدەی، ناچم
بە زنجیری دوو گیسووت چونکە پێبەند و گرفتارم
نییە تەئسیری وەعزت واعیزا! دەس هەڵگرە لێمان
کە موددێکە بە بادەی چاوی مەستی مەست و خەممارم
شەتی ئەشکم هەتاکەی بێ، مەگەر سەیحوون و جەیحوونە؟
بە چاوم کوت دەبا بەس بێ، وتی: ڕۆبار و جۆبارم
لەتاوی زولفی چین چینت ئەسیری چین و ماچینم
لەسایەی زولف و ڕووت، گا ڕۆژپەرەست، گا بەستەزوننارم
ئەگەرچی حیکمەتە دەرسم، لە حەڵقەی مەدرەسەی عیشقت
گەهێ دەرسم گوڵستانە، گەهێ مەشغووڵی تۆمارم
ترازا دوگمەکەی سینەت، سپێدەی سوبح زاهیر بوو
لە یەک مەشریق دوو ڕۆژم دی، بەجارێ بەو شەوی تارم
بڵێسەی ئاهی سەردم ئاسمانی شین و تاریک کرد
یەقین گوێی ئاسمان کەڕ بوو لەبەر فیغان و هاوارم
حەسەن! چەن خۆشە ناڵینت، ئەگەر یار بێتە باڵینت
بە شەرتێ بێتە سەر قەبرم، بە مردن زۆر منەتبارم

## من له گوڵزاری ئەزەل گیراوی داوی زولفی تۆم

من له گوڵزاری ئەزەل گیراوی داوی زولفی تۆم
بەس بدە چەرخم لەسەر، بازم! کە تەیری دەستەمۆم
تا سەری زولفت ڕفاندی دڵ لەبۆ نێو ئاوری ڕووت
سۆزشم خوارد و وەکوو ماری سەر ئاور خەم دەخۆم
بۆ تەوافی کەعبەیی کۆی شەمسی دینه، وا حەسەن!
هەر وەکوو مزرەق بە هەر مەرز و دیارێ خول دەخۆم
بۆ تەمای ئاوی بەقا، دڵ کەوتە نێو زوڵماتەوە
دەستی من دامانی زولفت، پێم بڵێ بۆ کوێ بڕۆم؟
قووەتی قەلبم کە تۆی و قووتی ڕۆحم عیشقته
بۆ چ دەبێ باکم لە ماسیوا ببێ، خەم بۆچی بخۆم؟
یۆسفی میسری ویلایەت! ئەی خەلیلی باغی قودس!
ناری نەمروودە دەروون بێ تۆ، دووچاوم بۆتە چۆم
من بەسەر کەوتوومە بەر پێ، زولفی چەوگان بادەوە!
هەر لە تفلّی، من ئەسیری لوعبەتی چەوگان و گۆم

## "وەتەن" بۆ شاگردانی مەکتەب یا نەوجەوان

ئەی گوڵی گوڵزاری دین، ئەی نەوجەوانانی وەتەن!
ئەی لە هیممەتدا بەقیمەت یەک بە یەک دوڕڕی عەدەن!
ئەی نەوەی باز و شەهێن! بۆ تۆ جەلادەت فیترییە
سەیری ئەتڕافت بکە یەکبارە ڕاوی تۆ دەکەن
حەز دەکەن جێی باب و باپیرتان بزانن کوێ بووە؟
دەرسی تاریختان کە خوێند جوغرافیا دیققەت بکەن

## نامەی گرامیت حەزرەتی نامی

نامەی گرامیت حەزرەتی «نامی»!
پێم گەیشت لە دەست شەخسێکی نامی
نامەی گرامیت وەقتێک پێم گەییشت
هێند کەیفخۆش بووم، عالەم تێم گەییشت
لە قەولی «ئەحمەد» چەند شیعرت گوتبوو
ئەلحەق لە دەهەن بابیشی زیاد بوو!
حەیرانی کردم «مولەممەعات»ی
«موحەسسەنات»ی، «بەدایعات»ی
تەسدیقی دەکەم شیعر دەبێ وابن
کەلامی «نامی» دەبێ وا چا بن
یاوەریم بدەی موژدە پێدراو!
پێنجی بن عەبا، دوازدە نێوبراو
گەر بە عەدەد وان، ئینعام بنێرم
دەبێ لە پاشان، مێشان بژمێرم!
ئاشی «کولتەپە»ت کارێکی چا بوو
ئەو کۆچی ئاخریت یەکجار بەجا بوو
سایەی «عەزیز»ی هەرکەس لەسەر بێ
لەنێو هاوسەران دەبێ سەروەر بێ
خزمەتت دەکەین ئێمەش تاکوو هەین
تۆش دەرسان بڵێ بەبێ کەین و بەین
«عومەر»، «ئەبووبەکر»، یاری غاری بێ
«عوسمان»یش عەلی ئاگاداری بێ
«بووبەکر»یش یاخودا هەر چوار، یاری بن
خودا و پێغەمبەر ئاگاداری بن
لبادێکیشم ئەوا بۆ ناردی
قەبووڵی فەرموو، موبارەک بادی!

## کوردینە تاکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو

کوردینە تاکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو
بێین و بچین و بۆ مە نەبێ قەت خودان و خێو؟
خەڵکی هەموو لە باغ و لە شارانە کەیفخۆش
ئێمەش بڵاو و بێسەرە ماوین لە دەشت و کێو
بۆ ئاسمان دەڕۆن و لە بەحرا دەکەن سەفەر
هەر عەرزە نیشتگاهی مە، سەنعاتە وەرد و شێو
ڕێی وانە کەهکەشانە و ڕێی ئێمە بەردەڵان
جێی وانە تەخت و بەختە و جێی ئێمە بەرد و چێو
ڕەشماڵە ماڵ و کەشک و پەنیرە مەتاعی مە
قەسر و سەرایی خەڵکی دییە پڕ لە زێڕ و زێو
لا هەڵدڕاو و جەرگبڕاو و فڕێدراو
بێ شوێن و بێ نیشان و پەرێشانن و پەشێو
فیکرێ لە کاری خۆ کەن و بگرین بە حاڵی خۆو
هەر بێ سەری و عەداوەتی خۆتانە دێتە ڕێو
ژێردەستی و ئیتاعەتی بێگانە تا بەکەی؟
شەرمە لەبۆ مە هێندە ژیان بێ نیشان و نێو
مەغبوونی هەر موعامەلە، مەحکوومی هەر کەمێک
شاهان بە مەحوی ئێمە دەبەستن گرێ و گرێو
گوردانی کوردەکان! بەخودا ڕۆژی غیرەتە
دەست دەینە خەنجەران و پیاوانە بێینە نێو
هەرکەس کە بیری تۆڵە و جێی بابی خۆی نەبێ
ئەو بێبەشە لە کوردی، دەریکەن نەیێتە دێو
بۆچمانە ماڵ و سەر کە لەسەر سەروەری نەچێ؟
کوڕ نابێ قەت بترسێ لە زیندان و دار و چێو
پێ هەڵگرن بگەینێ، کە شەڕ، بۆمە شایییە
دەست تێکگرن، درەنگە، جحێڵانە بچنە نێو
چون دوژمنن لەگەڵ یەک و بێ دەرس و مەدرەسەن
ڕاوو دەنێن بەجارێ، لە هەورازێ بۆ نشێو
ئەو ژینی بەو ڕەزاڵەتە بۆ چیتە چاوەکەم؟
بپسێین لەڕێی نەجاتی وەتەن با بە نێر و مێو
سەرچوونی تەخت، ڕۆینی سەرداری پێدەوێ

خۆشیمە بەو شەهادەتی شێخانە نێوبەنێو
کوان گوردی کوردەکان، کە لە ترسیان دەلەرزی عەرز؟
کێ بوو لە شام شا بوو، لە میسرێ ببوو خەدێو؟
ئازادی، سەربەخۆیی و میریی و گەورەیی
داوای بکەن بە زار و زمان و ددان و لێو
تا کەی لە باغی خەڵکی بە زیزی و بە ملکەچی
خۆشە لە باغی عێلی چنینی هەنار و سێو
بۆ وانە هەر چی جوانە لە جێ و دێ و لە ژن، لە ماڵ
هەر شاخ و داخە بۆمە، کوڕی ڕەش، کچی دزێو
هەر میللەتێ لە لاوە حەقی خۆی بەدەستەوە
کوردە کە سەر هەڵێنێ، دەڵێن بۆتە سەربزێو
هەرچی دەبێ، بڵا ببێ، حەق هەر دەڵێ حەسەن
نیمە لەڕێی وەتەن غەمی دەرکردن و جنێو

## ڕووناکیی چاوم ئەحمەدی سەیفی

ڕووناکیی چاوم، "ئەحمەدی سەیفی!
لە شێعرگوتنت دیارە بە کەیفی
کەیفت لە سایەی «حەزرەتی قازی»؟
وەقتێک لێت ڕازیم «قازی» بێ ڕازی
لە شێعرگوتنت زۆر کەیفخۆش بووم
چونکە ناخۆش بوو خەتت، نەخۆش بووم
زیاتر هومێدم هەر بۆیە پێتە
«سەدر»یشت ئوستاد، گوێی لە دەرسێتە
ئەگەر حەز دەکەی هەر سەرفەراز بی
لە باب و برات هەر بێ نیاز بی
ئەخلاقت چاک کە، بۆخۆت بخوێنە
درۆیان مەکە، کەمان مەدوێنە
لە سایەی «قازی»، جێژن پیرۆزە
جێژنی مە قوربان، نەکوو نەورۆزە
سایەی لەسەرمان یاخودا کەم نەبێ
دنیامان هەیە گەر ئەومان هەبێ
ئەنعامت ویستبوو، ئەوا بۆم ناردی
دۆعام بۆ بکە، بەخودام ئەسپاردی
ئەنعام بە عەدەد چوار یاری نەبی
بووبەکر و عومەر، عوسمان و عەلی
تا لێت یەقین بێ، هەر چوار بە حەقن
گوێ مەدە خاڵان، عەجەم ئەحمەقن
لەبەر بێ پووڵی دنیا بێ ڕەنگە
چ وەقتی سەعات، ئەو زرینگە و زەنگە؟
هەمیشە بەرگت، هەر فاسونیا بێ
مەرگت نەبینم، زەرد یا سیا بێ
خێزانی ماڵێ ئارەزووت دەکەن
مەیلی هاتنی زووبەزووت دەکەن
دۆعای گەیاندبووم «عەزیزی مامەش»
زۆرم پێ خۆش بوو، لە دڵم بڕا غەش
لە نێو مامەشان مەزن «عەزیز»ە

سوارێکی شۆڕ و شۆخ و تەمیزە
ڕان و ڕکێفی دەڵێی ڕۆستەمە
لە مەیدانێدا شێری بێ غەمە
دۆستی و ڕاستی و هەم عەهد و وەفا
هەرچی خووی چاکن، بە بابی بڕا
تا نێوی کوردان بە چاک بمێنێ
حەسەن لەلاوە نێوی وی دێنێ

## کوردان کە جاران لە ئێران شا بوون

کوردان کە جاران لە ئێران شا بوون،
ئێستا ژێردەست و پەست و گەدا بوون
جێی ڕاو و سەیری کاری کوردان بوون
لە ڕەوەی کێوان نەڕەی شێران بوون
تا پێکەوە بوون هەموو برا بوون
کە لێک دابڕان، جەرگ بڕاو بوون
ئێستە یەک یەکیان لە خەو ڕا ڕابوون
کە ساحێب فیکر و تەگبیر و ڕا بوون
ئەمڕۆ بزانن کە بەشخوراوین
لە بورجی خۆمان وەدوور خراوین
تاکەی ژێردەستی و ئیتاعەت کێشی؟
لازمە بۆمە مەئال ئەندێشی

## غەمگینە دڵی مات و بە چاوت نییە هۆشی

غەمگینە دڵی مات و بە چاوت نییە هۆشی
تا ڕووو بە تەمای جەور و جەفا لێمە دەپۆشی
تا دیدە بە دیداری مونیرت نییە ڕەوشەن
وەک کانییەکەی قوڵقوڵەیە قوڵقوڵ و جۆشی
هەر گوڵشەکەری لێوە شەفای دەردی نەخۆشان
سەر بێ بە فیدای کوڵمی گەش و چاوی نەخۆشی
ئەی دڵ بە خەتا کەوتیە چینی سەری زولفی
لەم مارە عەجایب بە تەمای لەززەت و نۆشی
هەروەک مەهی دوو هەفتە لەژێر هەوری سیادا
ئەو دڵبەرە بۆ زینەتی نێو چادری پۆشی
تا زولفی لەسەر ڕووو بە مەسەل هەوری بڵاوە
لەو تاوە دڵم ڕەعدە لەبەر بەرق و خرۆشی
زوححاکە بەبێباکی لە تەخریبی دڵاندا
خوێنخواری گەلێ کردووە ماری سەری دۆشی
هێندەت کوتووە وەعز و لە ئێمەی نییە تەئسیر
ماندووی و دەزانم بە خودا مەعتەلی چۆشی!
لۆمەی حەسەنی نەفعی نییە، لابدە واعیز!
عاشق هەموو ئەعزای دڵە، ئەسلەن نییە گۆشی

## قەدی یار سەروی جۆبار و ئەتۆ ئەی زولف لاولاوی

قەدی یار سەروی جۆبار و ئەتۆ ئەی زولف لاولاوی!
سەراپا، حەڵقە حەڵقە، وا لە باڵای بەرزی ئاڵاوی
هەموو ئەعزام بریندارە لە حەملەی تیغی موژگانی
دڵم شەیدا و پەرێشانە لەتاوی زولفی شێواوی
خراپم کردووە ڕۆح و دڵم دانا لەپێناوت
دەسا قوربان! لەبەرچی، بۆچی ئەمڕۆ لێمە تۆراوی؟
کەلام و عیشقی تۆ بوو باعیسی مەشهووریی حوسنی وی
کەچی وێستا وەکوو زولفی لەبەرپێدا فڕێدراوی
بەتوندی، یار چ شیرینە جەبین وەک عیقدەیی پەروین
دوو کوڵمی لالەیی حەمرا، برۆی وەک تیغی خوێناوی
دڵم ڕێی کەوتە نێو ئەگریجە و یاریش برۆی داخست
سەمەندەر نی، لەنێو ئاور عەجەب ماوم چلۆن ماوی!
بە خاڵی لێوی بردوومی، بە زولفی خاوی گرتوومی
چ زوو ئەی مورغی زیرەک! بوویە سەیدی دانە و داوی
بیساتی عەیش بەرپاکە لە ژێر پێ تا نەسووڕاوی
لە مەستی بادە بشکێنە هەتا وەک شیشە نەشکاوی
حەسەن! وا دیارە دیسان موبتەلای هیجرانی یاری تۆ
بە ئەشکی سوور و ڕەنگی زەرد و ئەو دوو لێوی باراویی!

## یادم بۆ ناکەی یادت بەخێر بێ

یادم بۆ ناکەی؟ یادت بەخێر بێ!
وەعدەی زوو هاتن، وەختە زۆر دێر بێ
هێندەم تەماشای ڕێی هاتنت کرد
چاو، خێل بوون لەسەر سەربان و سەرگرد
ڕێگای کولتەپە دوور و درێژە
هاتنی «عەزیز»م یەکجار لەمێژە
حەسەن لە دووریت نەخۆش و گێژە
تا مابووم نەمدی، هاتی بینێژە!
دەردی بێدەرمان هەر دووری تۆیە
بە بایەک دەمرم، دەژیم بەو بۆیە
دەردێکی دامێ دەرمانی نەکرد
شەماڵ بە بەفری کوێستانی نەکرد
ژینم پێ خۆشە، دڵم پێی خۆشە
کە تۆم لێ دیار بێ لە بان و حەوشە
فرمێسکم لە چاو دەڕژێن لە دوو دوو
ئەولام تەتەهوو، ئەم لام جەغەتوو
ژینم بە بۆنەی «عەزیز»م خۆشە
هەر کەس تۆی نەوێ بێ هۆش و گۆشە
دۆستی و ڕاستی، پارچێک بوو کڕا
بە بەژن و باڵای بەرزی تۆ بڕا
لە دەردی دووریت خۆم دەغافڵێنم
چنار لێدەدەم، پەل دەچەقێنم
لە گوێگجەلیرا جۆی جۆمال دەکەم
لە موشیراباتی ئاشبەتاڵ دەکەم
لە «عەبدوڵڵابات» باغی بادامان
زۆرم چەقاندن دەستم بە داماں
کانی کووزەڵە هەر وەک خۆیەتی
حوسێنی حاجی هەر بۆخۆیەتی
شوکر کوڕەکان ئەوێستا چوارن
لە پەنای خودا و حیفزی چوار یارن
عومەر و عوسمان، بووبەکر و «ڕەحیم»

بیانبەخشێ پێمان ڕەحمانی کەریم
«بورجی بەڵەک»ی بەر دەرکێت ماوە؟
یا بە بای دوێنێ و پێرێ ڕووخاوە؟
خەڵوەتی ڕووخاو، چاکت کردەوە؟
«وەستا مەمەد»ت لێرە بردەوە؟
چت کرد؟ چەقاندت باغی بەرماڵان
ڕیشەم حازرن هەرزان و تاڵان
ئەگەر دەپرسی وەزعی زەمانە
میللەت پەرێشان، ئامان ئامانە
کاری کوردەکان، خۆزگە بە پارە
هەرکەس بە دەردێک چوو، گرفتارە
جەمعێک بە بیانووی «تەجدیدی نەزەر»
سەرگەردان کران لە قاپی و لە دەر
لەتاو مەشموولی، کوردی موکریان
کچیان ئارەزوو، لەباتی کوڕیان
مەشموولی خۆشە، زۆر موقەددەسە
نەک بۆ کەسێکی بێ گەورە و کەسە
لە خەڵکی دەدەن، «سجیلت» کوانێ؟
ماڵی قاچاغت لەسەر دووکانێ
یەکی دی دەگرن «کوانێ کڵاوت؟»
بۆچیت لەسەر نا، شەدەی بڵاوت
توونتنی نووسراوت بۆ کوێ بردووە؟
ئیمزای ماڵیەت کوا وەرگرتووە؟
بە یەکێک دەڵێن: کوڕەکەت هەڵات
دەبێ پەیدای کەی، ڕێی هات و نەهات
گەنمی دەستێنن بە بیانووی قشوون
وشتر بە بێگار دەگرن بێ قانوون
هاوار لە زوڵم و زۆری ئەمنییان
نییەی نازانن، نابییێ گوێیان
ئەوانە هەموو بیانوون بۆ پووڵی
بەبێ قانوونی و بەبێ ئوسووڵی
هێندە پوڵ درا بۆ دەفعی شەڕیان
بەتاڵ بوون جیب و گیرفانی پڕیان

نە ئاغاوەت مان، نە میر و مەزن
«هەرزن و بزن، چیایێ مەزن»
خودایا! مەگەر کورد ئێرانی نین؟
لە ئینسان خاریج، مەخلووقێکی دین؟
لە تام چۆتەدەر مەزلوومیی کوردان
خودایا! ڕەحمێ، بە چکۆلە و وردیان
دەردی دڵ بەس کەین لەدەس ناکەسان
چون هەر خودایە کەسی بێ کەسان
هەر کەس لە خۆیدا سەرداری نەبێ
حاڵی هەر وایە، ئاخری وا دەبێ
بخوێنن چاکە هەتا دەتوانن!
بەڵکە تەکلیفی خۆتان بزانن
ئەگەر حەز دەکەن یەکجاری نەمرین،
بەیەک دی شاد بن، لەبۆ یەک بگرین!
قەت بە خراپی نێوی یەک مەبەن!
ڕەنجی شان و قۆڵ بەهەدەر مەدەن!
چاوان لە نەویان هەرگیز مەگێڕن!
لە بڵێندان بانگ کەن، ئاوان هەڵگێڕن!
گورگان بە کۆزی خۆتان فێر مەکەن!
سەی حیز و برسی بە دزی تێر مەکەن
تا کەی لە دەرکان هەناسەساردی؟
چاو لەدەس خەڵکی بە نامورادی
هەڵناستن لە خەو هێند خەوگرانن
لەدوای مردنم قەدرم دەزانن

## خەیاڵی هیجری ئێلخانی کە دەکرێ

خەیاڵی هیجری ئێلخانی کە دەکرێ
دڵی گەورە و بچووکی مە گڕ ئەگرێ
ویسالت چوون نییە بۆ من مویەسسەر
سڵاوت بۆ دەنێرم لێرە تا دێ

## دایم دڵم بە ناڵە و زاری و فیغان ئەڵێ

دایم دڵم بە ناڵە و زاری و فیغان ئەڵێ
خۆش بەو شەوەی کە ڕۆژی ڕوخی دڵبەرم هەڵێ
تفلی دڵم گڕووی شەکەری لێوی گرتووە
بەو دوو هەنارە ژێری کەوە بیخە باغەڵێ!
زولفت وەلا دە، ڕووت بنوێنە بە دەفعەیێ
شەو ڕابرێ، ستارە نەمێنێ، قەمەر هەڵێ
بەو زولفە میروەحەت مەکە مەنعم لە شەکری لێو
تەیرێکە دڵ، زەعیفە، دەترسێ لە داوەڵێ
ئەو قافیەت بەسانی دڵی موددەعی، حەسەن!
تەنگە، درەنگە، مەیلی بە جەنگە، هەڵێ، مەڵێ!

## له عالەم فاش و مەشهووره كه من مەستی مەیی عیشقم

له عالەم فاش و مەشهووره كه من مەستی مەیی عیشقم
به حوققەی دەم، به جامی دیده، مەمكی تونگی مینا بێ
له حوجرەی عیشقدا ئەمشەو موتاڵام «حاشیه»ی زولفه
به لالەی كوڵمی گوڵگوونی به دوو شەمعی هەڵایسابێ
له ئاهی عاشقی ڕووته غوباری عاریزی سافت
دەنا جامی بلووری خەددی تۆ كێ دی خەتی دابێ
خەیاڵم شەونخوونی بردەسەر دەستەی سپای زولفت
دەبێ ئەمشەو لەبەر وی بێ كەوا مەغشووش و شێوابێ
تەنافی گەردنم كه زولفی زوننارت، كه بێزارم
چ خۆشه گەر بڵێن عاشق به زولفی یار خنكابێ
كەنارم جۆیبار و دامەنم پڕ گوڵ له ئەشكی سوور
ئەگەر مەیلی قەدیمیشی نەمابێ بۆ تەماشا بێ
عەیارێكی نییه دڵ دڵبەرا! كێشانی پێ ناوێ
كەبابی جەرگ سووتاوه، یەقینه قیمەتی نابێ
تەن و ڕۆحم له تەحت و فەوقەوه مەشغووڵی جۆلاین
دەبێ بەو ساعیدی سیمین تەنافی زولفی هەڵدابێ
دوو چاوی من تەمی هێنا كه تۆ زولفت بەڕوودا خست
شەوی یەڵدایه ئەوڕۆ یا مەگەر خورشیده گیرابێ
لەنێو زوڵماتی ئەگریجەت شوعاعی ڕووته دەنوێنێ
تەجەللی نووره، یا زاهیر له جانب تووری سینا بێ
ستارەی بەختی من ئەوشۆ تلووعی كرد كه تۆ هاتی
سبەینێ و ڕۆژه لەم عیده، بڵێ نوور و سەفای وا بێ
له سایەی هیممەتی پیره حەسەن! دوشمن موتیعی تۆ
دەنا سەی بەد تەرەس كێ دی بەبێ زەحمەت پەتی دابێ؟

## ئەوڕۆ حەسەن پەیامی دۆعا و سڵاوییە

ئەوڕۆ حەسەن پەیامی دۆعا و سڵاوییە
بۆ میللەتی ڕەشیدی پەنای بەشخوراوییە
کانی عەداڵەت و «وەکوو یەکی» و برایەتی
زەحمەتکەش و بەکار، چ ژن یا پیاوییە
هەر عیلم و سەنعەتە کە لەکن وان ڕەواجی بێ
بێقەدرە دەوڵەمەندی و موڵکی کڕاوییە
تا ڕووس بمێنێ کاکە، لە تاریخی عالەما
بەیداغیشی کە سوورە بە خوێنی ڕژاوییە
مەخسووس لەبۆ شەڕن نەفەر و ئەفسەرانی وان
نەک عەیش و نۆش و لەززەتی شیر و کەکاوییە
هەر یەک بە ڕۆژی مەعرەکە شێرن لە نێر و مێ
بەو قۆڵی داخراو و بەلەک دەرخراوییە
بۆ مەدحیان بەسە کە کەسی بێکەسان ئەون
بۆ میللەتی زەعیف هومێد و هەناوییە
کاری بەدەستی خۆیەتی هەر میللەتێکی بێ
سەر دادەنێن لەبۆیە لە ڕێ کەس نەماوییە
قەفقاز و ڕووس و ئوزبەک و تفلیس و ئێرەوان
تاجیک و تات و ترکەمەن و هەرچی ناوییە
هەرکەس بە مڵک و میللەتی خۆی شاد و ڕازییە
ئازادی، سەربەخۆیی وەها پێدراوییە
دنیا تەواوی چاوی لە تانک و لە تۆپی وان
تەییارە، بۆم و ئەژدەر و زیپلین و ناوییە
گۆی سیبقەتی فڕاندووە ئەمڕۆ لە عالەما
فەخری ڕەفیقەکان، بە قوشوونی تەواوییە
ڕووی کردە هەر سپایەکی مەحوی دەکاتەوە
فەتح و زەفەر لیباسە بە بەژنی بڕاوییە
ئەڵمان کە لافی گەورەیی لێدا لەعاستی وان
پشتی شکا، نیشانە سەلیبی شکاوییە
هەر جێگەیەک کە دوژمنی بۆ چوو، وەپاش درا
پێی ما سەری شکاوی و قوونی دڕاوییە
گیراوە شارەکانی دە نازی بە فەتحی وان

سەربەرزییەک کە مابێ سەری بێ کڵاوییە
ئەو سەرکەشە کە دوێنێ لە ترسی دەلەرزی عەرز
ئەوڕۆکە بۆتە مەسخەرە، هەر قاوەقاوییە
هەر دەوڵەتێکی گرتی بە خوێناوی میللەتێ
گیراوە لێی بە زۆر و کرا دەرکراوییە
بەدبەختی و شکست و زەلیلی کە هاتە ڕێی
نەیزانی موددەعی لە خەیاڵاتی خاوییە
کاڵەی دڕا، چی پێ نەبڕا، پشتیشی شکا
کەوتە هیلاک و غەرغەرە، کاری کراوییە
ئەو فەتحی وا کرا لە ستالینگڕادی وان
دەرچوو بەجارێ دوژمن و تۆقی زراوییە
جێی حەملەیانە ئەوڕۆ ئورووپا بە پانەوە
ژاپۆن لە ترسی وانە لە چین چاوەچاوییە
کوردان کە هاتوچۆ دەکەن ئەوڕۆ بە پرچەکی
«نیشتیمان» زمانی وانە بە ئەمری دراوییە
ڕۆژنامەکانی ترکی لە تەورێزێ دایرن
بۆچ هەر لە کوردی دەردی دڵ و تەنگەتاوییە
خۆ کورد و فارس هەر دوو برای دایک و بابێکن
وەک یەک نەبێ، لەبەر چی، بەش و نان و ئاوییە
لەو جەور و زوڵم و زەحمەتە دەدرێ بە کوردەکان
مانیان نەمانە، ژینێکی سەگ تێ ڕیاوییە
پێم کوت بە پادشا و بە وەزیر و نوخوست وەزیر
ئاوڕێک وە کوردی دەن وە بە حاڵی بڵاوییە
هەر کوردە خوێنی خالیسی ئێرانی پاکی بێ
نەیکردووە بە ترک و عەرەب تێکەڵاوییە
مەئمووری حیز و بێشەرەف و خائینی وەتەن
ڕاپۆرتی بەد دەدا بە درۆ، چونکە داوییە!
سەرتیپە شێتە، هۆشی کەرێکی تەواو نییە
تەهدید دەکا بە کوشتنێ، ئەم دەمگواوییە
نەمخوێندەوە لە ناسر و خوسرەو شکایەتێ
«زێرۆ» و «حەمەڕەشیدە» سەری بەندوباوییە
بێڕەحمی، بەدنیهادی، دەگەڵ کوردی تابەکەی
بەس بێ ئەوەندە فەرق و جودائی، چ ناوییە؟

ئاسوودەیی مەرامییە، کوێخایی ماڵی خۆی
نەک بێتە ژێرچەپۆکە، بە شەق لێدراوییە
سەرسەوزە باغی ئارەزوو نیزیکە بێتە بەر
مەزرای هومێدی تینووە وەختی شەواوییە
هەرکەس کە ڕوشدی بێ هەوەسی ماڵی خۆی دەکا
تۆوێکە زۆرلەمێژە لە باغدا چناوییە
ئەخلاقی چاک و خوێندن و دینداری و «ئیتتیحاد»
گورج و بەکار و جەڵد بێ، نەڵێن ساوەساوییە
هەرگیز حەقی ژیانی نییە پیاوی بێسەواد
چاوسووری خۆی نەبێ و وەتەنی پێ بڕاوییە
بە زمانی دایکی خوێندن و نووسینی بۆ نەبێ؟
ئەو میللەتی قەدیم و زبان بەستراوییە
حوببی وەتەن نیشانەیی ئیمانە کوردەکان
نیشتمانی خۆت وەژێنە، بە پێچ و کڵاوییە
مەرد چاکە ئەو کەسەی سەری دانێ لەڕێی وەتەن
باکی نەبێ لە بەند و لە داری چەقاوییە
منداڵەکانی بێسەرە بوون دایکی نیشتمان
هەریەک بە لایەکا سەبەبی بێ لەغاوییە
جیرانەکەت بە ئارەزویی کۆنی خۆی گەیی
کاسەی جیرانی کێ دی لەوی لێنراوییە
تۆ سەر لە من بخوازە لەبۆ کێشکی نیشتمان
چی دێتە سەر زمان، بە کوردی کراوییە
هەورامی و جەلالی بۆ سمنان و ساوە چوون
سابڵاغی بۆ شیرازێ ڕەپێچەک دراوییە
مەرکەز لەبەر چی هیچی نەپرسی لە حاڵی وان
کێ دی بە غەیری کوردی وەتەن دەرکراوییە
میوان بەخێر هێنانە لەبۆ کوردی بۆتە شوێن
دەرک ئاوەڵایە، سفرە پڕ و ڕاخراوییە
سەرقژنی، پووزڕووتی، کچی کوردی نایەوێ
داوێنی دادڕاو و سەری پێچراوییە
ئێخێکی دادڕاو و کراسێکی سەرلەبەر
دەسماڵ و شاڵی پشت، شل و بادراوییە
قۆڵ هەڵکراو کراسی بە پشتێندیدا کراو

چارشێو لە شان و زولفی بەلادا کراوییە
بەو سینگ و باسکە ڕووتە لە من بۆتە قووتی ڕووح
بەو لێوی ئاڵ و پەرچەمی کاڵ و بڕاوییە
گەردن بڵیند و سینگ و کەفەڵ هێندە پان و پۆڕ
باریک و شووش قامەت و قەد، چاونواوییە
کیژانی جوانی عێلی لەدووی خێڵی دێن، دەڕۆن
ئاسکن لە باسک و سوورەقورینگی شەتاوییە
سنجاق و کوحلی بەرۆک، بەرموور و پێشەسەر
ماینی کەحێلی عێلی، ڕەخت لێدراوییە
کیژۆڵەکان ببینە لەنێو باری وشتران
ئەستێرەکانی گەش لە حەواڕا کشاوییە
ئیی مە کەون، لە کێو و دەراندا کە دێ و دەچن
ئەو، تاوسی سایەپەروەرە نەیدیوە تاوییە
ئیی مە، خەریکی تەون و تەشی و چێشت و نان و خوان
ئەو، لێوی سوور و پۆدر و فڕ و کل دە چاوییە
ئیی مە، خەریکی زەحمەت و کار و مەرارەتن
ئەو، حوکمڕانی مێردە، لە ژێر دەس کڵاوییە
هەر چی کوتم، نەسیحەتە، عەینی حەقیقەتە
نەک سوحبەت و جەفەنگە، مەڵێن چاوڕاوییە
ئەو شیعرە لایقن لە بەریکەن جحێڵەکان
یادم بکەن بە خێر و دوعای بۆ کراوییە

## عەنبەری زولفت بەدەم سەبا دە

عەنبەری زولفت بەدەم سەبا دە
لەسەر مانگی ڕووت هەوری مووت لادە
تا ڕۆژ وەکوو شێت، ڕوو لە کێوان کا
تۆزی غوسسە و غەم هەستە بە با دە
لە عیشقت مردم، وەسییەتت بێ:
بۆخۆت بمنێژە، تەڵقینم دادە
تا بڵێن زوحاک مار لەسەر شانی
تایەک لە زولفی چین چینت بادە
بە جامی دیدە، جەمشیدی جەمە
بە تەختی سینە، وەک کەیقوبادە
کوتم کوشتوومت بە غەمزە، فەرمووی
شێوەی شیرینە، ڕەسمی فەرهادە
لە دووری باڵات شەو هەتا سەحەر
کارم گریانە، پیشەم فەریادە
تاکوو پاماڵ بێ خوێنی مەزلوومان
پەنجەی شمشاڵت، ڕەنگ و حەنا دە
بە ئومێدی وەم بێیە سەر قەبرم
بۆیە وا حەسەن بە مردن شادە

## کوردینە ئەوڕۆ ڕۆژی گەپ و کەیف و شادییە

کوردینە! ئەوڕۆ ڕۆژی گەپ و کەیف و شادییە
لەو نیعمەتەی کە بۆ مە ستالینە حامییە
دەستی وەدەس مە داوە، کە چیدی لەدەس نەچین
بانگمان دەکا کە ئێرە، جێگەی ئیتمینانییە
ئەو میللەتە ڕەشیدە کە یۆلْداشی وای هەبێ
بۆ قەلع و قەمعی هەرچی ئورووپایە، کافییە
کوردینە! موژدە لێوە، کە چیدی زەلیل نەبن
میر جەعفەریش بە ئەمری وی، بۆ ئێمە هادییە
ئوستادی وا مەزن دەبێ شاگردی وای هەبێ
تەئسیری دەرس و مەشقی وییە هێندە چاکییە
جومهووری سۆڤیەتی بەدەنێکە سەلیم و ساغ
مۆسکۆی سەرە، ئەمیری لە باکۆیە چاوییە
ئەو یەکیەتی و موحەببەتی نێو ئەفسەرانی وان
سوێندی دەخۆی کە پاک برای دایک و بابییە
بۆ شارەزایی ڕێگەیی حەق ڕەهبەری یەکن
بۆ دەفعی دوژمنی وەتەن هەریەک فیداییە
هەر کامەکی دەبینی، دەڵێی چاکیان ئەوە
دوور بن لە چاوەزارێ، ئەوەش بەختی کوردییە
هەر کەس دەپرسی «کاکە! چلۆنن لە جێگەتان»
خۆشبەخت و شاد و دڵخۆش و مەمنوون و ڕازییە
وا چاکە بۆ مە هەر چی بڵێن بەقسەیان بکەین
هەرکەس وەدووی ئەوان کەوێ بێشک نەجاتییە
مەئیووس و زیزە شاعیر و نەوزانی قەدری وی
وەک شێرەکی لە جەنگەڵی قەفقازێ یاغییە
بەیداغی سوورە ئەوڕۆکە چاوسوور و پشتیوان
کەروێشکە شێر لەکن مە، هەڵۆ وەک مراوییە
ڕووسوورە هەرکەسێ کە قزڵ ئۆردووە پەنای
بۆ مە ئەوە بەسە کە پەنای دیکەمان نییە
قوربانی پێشەوایەکی وا بۆ نەبێ حەسەن؟
ڕەفتاری چاکی وانە بە ئەمر و قسەی وییە
تەبریکی فەتحی تازە، دۆعای خێری بۆ دەکەم

بۆ ئەو ڕەفیقە گەورە کەوا بۆمە حامییە
بۆچی زمانی دایکی لە ئێمە مەنع کرا؟
ئەو هێندە، زوڵم و زەحمەت و فەرق و جودایییە
یا دەرکراوی مەوتەنە، یا حەبسی بێ گوناه
کوردێکی مەزن و عاقڵ و مەردی حیسابییە
هەر ماڵە کوردەکی کە دەچووی، دەتدی شیوەنە
ئەوڕۆکە هەر دێیەک کە دەچی سەیر و شاییيە
چەن خۆشە کوردەکان! کە دەبینم بە جلکی خۆو
پشتێند و پێچ و پەستەک و چۆغە و سۆرانییە
ئەوجارەکەش نەمردم و دیتم بە پڕچەکی
شیر و دەمانچە، خەنجەر و بوڕنووی نیزامییە
قوربانو بم، وەرن ببنە دۆستی یەکتری
زۆر عەیبە ڕێگری و دزی، کارێکی چا نییە
خەڵکی دی دڵخۆشن بە جێگە و مەوتەنی خۆیان
بۆچی ئەمە نەخۆینەوە لەو چۆم و کانییە؟
هێندێکی بۆ عەراق و بۆ سمنان و دامەغان
دەستێکی بۆ شیراز، کە جێی شێخی سەعدییە
دەکرانە دیل و بوونە ئەسیری لەنێو عەجەم
هەورامی، سابڵاغی و ئێلی جەلالییە

## یار کە دێتە سەر گۆل و ئەستێرە

یار کە دێتە سەر گۆل و ئەستێرە
سەیری وی دەکەن مانگ و ئەستێرە
ڕووناکی ڕووی بوو یا ڕوونی ئاسمان؟
کە دێ بۆ کێوی دەبا گاگێرە
دەگەڵ یار، لەبن سێبەری پاڵان
چەن خۆشە دۆی سارد، دەگەڵ کولێرە
خۆزگەم بەو شوانە لەدووی مێگەلان
یارم بە زولفان دەکا هاوێرە
شەرتەشوانیم ئەوەندە بەس بێ
یارم بێری بێ، بێتە بەر بێرە
بە تیری نازت جەرگم بڕاوە
بۆچی بە تفەنگێ لێم دەگری سێرە
کولمەسوورەکەی گولەمێلاقە
لەدەورەی خاڵان بەڕیز بژمێرە
لە باغی جوانیت وەختی زەکاتە
فەقیری خۆتم، هەر بۆ من خێرە
بە ڕشتەی زولفان دڵم نێچیرە
لە داروبەردی بەس دە، مەیگێڕە
هەر ناڵەی منە لە دۆڵ و نواڵان
نەک فیتەی شوانە و دەنگی بلوێرە
زولفی وەک شەوەی ڕۆژی کردمە شەو
چرای سەرکولمەم لەبۆ ڕادێرە
هەر کەس عیشقی تۆی لەسەردا نەبێ
بێ شک حەیوانە، پڕ و پانێرە
کردمە سەر باسکان: هەر ئاشبەتاڵمە
هەر بەو ئومێدەی یارم ئاشێرە
هەر تەمادارم ئەوڕۆ و سبەینێ
زوو وەرە مەیکە بە دوێنێ و پێرە
وەک مەجنوون لەدووت کەوتمە کێو و دەشت
ڕەفیقم گورگ و پڵنگ و شێرە
خۆیانی خەیاڵ مابێ غەم نابێ

بەتای زولفانی یار شەنەدێرە
عەزیز! ئەوانە شیعرن بە مەرگت
موخلیست بێ تۆ وەجاغی کوێرە
کوێستانی دووریت هەر زەردوماهە
تەرت و لابەلا، ڕژد و هەڵدێرە
باری فیراقت پشتی شکاندووم
بەسەرمدا دێ، دەڵێی تاوێرە
سەرباری دووریت شانمی جدەو کرد
بە تا و توورەکە، بە هۆڕ و تێڕە
عیشقت لەسەرم قەت ناچێتە دەر
لەسەر سەریشم بگێڕن گێرە
هەمیشە برسی سەرسفرەی وەسڵم
لە شەهدی لێوت قەت ناخۆم تێرە
بۆ هەر جێ دەچی، دڵ بەدووتەوە
کۆنەڕاوکەرە، دیارە شوێنگێڕە
هەر تۆوی مەیلی تۆم لە دڵدا چاند
تەرخانەکەی خۆت کۆنەجووتێرە
گەنمە مەلای بێ زیزانە و زیوان
بێ پۆڵکە و چێودان، گورگە و گلێرە
شینە، گوڵی بەست، سەرمای دەرناوە
ڕیشەی داکوتا، چونکە سەردێڕە
لە ئەشکی زۆرم عەرزیش پەڵەی دا
بەندیش شکاندی حەسەن ئاودێرە
تەشک و دامێنم تەڕەکەشاوە
جۆگەی چاو خوڕە، سەربەرەژێرە
خەرمانی عەیشم لە کای غەمدا، ما
کزەی شەماڵی مەیلت بنێرە
لە ترسی سالان، زۆرم چاندووە
جۆشین و وێنجە، شەودەر، کەنێرە
ئەگەر دەپرسی کاری ئەو بەینەم
ئاش و وشترخان، هۆڵ و سەرگێرە
سێ چوار ڕۆژ بێ تۆ چوومە خانەقا
یادت شوغڵم بوو، هەر لەوێ و لێرە

بۆ سەر مەرقەدێ، پێش نوێژان دەچووم
ڕێگاکەی قوڕ بوو، بە گێڕەگێڕە
لە خزمەت شێخی یادم زۆر کردی
لەنێو خەتمیشدا بەخودام بسپێرە
فەیز و بەرەکەت وەک باران دەڕژا
هەر کەس بەڕاست بێ، ئاخربەخێرە
هەر کەس لە پەنای شێخیدا نەبێ
حیزی نەفسیە، شەیتان پێی فێرە
ئەگەر دەتەوێ دنیا و قیامەت
ڕووی خۆت لەو دەرکەی قەت وەرمەگێڕە
نێوی شەمسەددین، ڕۆژە کە هەڵدێ
هەروەک چەکچەکی هەڵدێ ئەو کوێرە
هاتنی ئەو دەرکە لە دەست خۆت مەدە
سەر و ماڵی خۆت بێرە بسپێرە
بۆ سەیری «دەروو» دەروونم خوێنە
بۆ «کانی سپی» فرمێسکم سوێرە
کانی بەردینە ئاوی حەیاتم
بە «کانی قازی» دڵم زەنوێرە
لە «یەنگی دنیا» تاکوو «کەڵتەگگە»
هەڵاڵە و بەیبوون، سوێسن و شلێرە
کانی لەتیفی، «زنەی بەرباغی»
کانی گەوهەرە، مەعدەنی زێڕە
لە دوور دیارە «چل ئەسحابە»کەی
بنەی دوندی ڕەش جێی لانی شێرە
جێی دێی کولتەپە تەپەی گوڵانە
ڕێپێڵگەی میوان، جێگەی جوامێرە
بەندم کرمانجین، زۆرت پێ خۆش بێ
حەسەن کرمانجە گوێ ڕە وی دێرە